# گەڕانەوەی پاڵپشتییکراو بۆ ئەوانەی دەبڵن دەیانگرێتەوە

ئەگەر بڕیار دەرچووە و بڕیار دراوە بنێردرێیت بۆ وڵاتێکی تر، کەواتە دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە دەبێت مامەڵەی داخوازییینامەی پەنادانەکەت بکات.

ئەگەر خۆت بتەوێت دەتوانیت لەبری ئەوە بکەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت. لە حاڵەتی وادا دەتوانیت داوای یارمەتی بکەیت بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت و لەوێ دەست بە ژیانێکی تازە بکەیتەوە.

## ئەو کاتە ئەم تۆ ئەم شتانەت بۆ دەکرێت:

- هاوکاری بۆ بەدەستهێنانی پاسەپۆرت و بەڵگەنامەی سەفەر
- بلیتی فڕۆکە
- ڕێنمایی لە لایەن ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM) لە نەرویج
- حەوت هەزار کرۆن ئەگەر تەمەنت لە هەژدە ساڵ بەسەروە بێت.
- دوو هەزار کرۆن ئەگەر تەمەنت لە هەژدە ساڵ کەمتر بێت و داوای گەڕانەوەی پاڵپشتییکراو بکەیت.

ئەمە ناتگرێتەوە ئەگەر ڕوخسەتی مانەوەت لە وڵاتێکی تری ئەورووپیی یان لە چەند وڵاتێکی دەستنیشانکراوی تر هەبێت. بۆ زانیاریی زیاتر سەیری (udi.no) بکە.

## پارەی زیادە بۆ بەڵگەنامەی سەفەری بەرکار

ئەگەر پاسەپۆرتی بەرکاری خۆت لەگەڵ داخوازینامەکەت بۆ گەڕانەوە بە یارمەتی دەسەڵاتداران ڕادەست بکەیت، دەتوانیت ٥٠٠٠ کرۆنی زیادە لە کاتی سەفەرەکەدا وەربگریت. ئەمە هەروەها ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە پێشتر پاسەپۆرتیان ڕادەست کردووە و هێشتا بەرکارە و بەسەر نەچووە.

## دەبێت زوو سەفەر بکەیت:

ئەو ماوەیەی کە دادەنرێت بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە دەبێت مامەڵەی داخوازییینامەی پەنادانەکەت بکات، کورتە. ئەگەر پێت باشترە بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت، ئەوا دەبێت پەلە بکەیت و زوو بەڵگەنامەی سەفەر بەدەست بهێنیت و سەفەر بکەیتەوە بۆ وڵاتی خۆت. کاتێک داواخوازییینامەی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت لای (IOM) پێشکەش دەکەیت، ماوەیەکی دیارییکراوت بۆ دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی سەفەر.

## بەم شێوەیە داوا دەکەیت:

فۆرمی داخوازییینامەکە لەم سایتە هەیە: (www.iom.no). وە دەتوانیت بەخۆڕایی تەلەفۆن بکەیت بۆ (٨٠٠٣٧٤٠٤). دەشتوانیت ئیمەیڵ بنێریت بۆ: (iomoslovarp@iom.int).

---

UDI

**بۆ زانیاریی زیاتر**

www.udi.no/return